ئیسماعیل راجی فاروقی
لویس لەمیاء الفاروقی

هونەرە ئیسلامییەکان



وەرگێڕانی:
مستەفای سەیدمینە

سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی

لە بڵاوکراوەکانی
سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی (٤٦)



ئیسماعیل ڕاجی فاڕووقیی:

یەکێکە لە بەناوبانگترین بیرمەندان و پسپۆڕانی تۆژینەوەی ئیسلام و ئایینان لە جیهاندا. لە فەلەستین لە دایک بووە و دکتۆرای فەلسەفەی لە زانکۆی ئیندیانا لە ئەمریکا وەرگرتوە. لە «پەیمانگەی ناوەندیی تۆژینەوە ئیسلامییەکان»ی پاکستان و، زانکۆی «سیراکیۆز»ی ئەمریکیی و «ماک کل» ی کەنەدیی، دەرسی گوتۆتەوە. بەشداریی دامەزراندنی پەیمانگەی جیهانیی هزری ئیسلامیی کردوە و، یەکەم سەرۆکی بووە.

.....

لویس لەمیاء فاڕووقیی:

دکتۆرای فەلسەفەی لە تۆژینەوە ئیسلامییەکاندا، لە زانکۆی «سیراکیۆز»ی ئەمریکی، بەدەست هێناوە. پسپۆری هونەرە ئیسلامییەکان و مۆسیقایە.

.....



وەرگێڕ
مستەفای سەید مینە

- ساڵی ١٩٦٣ لە سەنگەسەر لەدایکبووە.
- خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە سەنگەسەر و ئامادەیی لە قەڵادزێ و ڕانیە تەواوکردوە.
- ساڵی ١٩٨٩ بەکالۆریۆسی لە بەشی کوردیی زانکۆی سەلاحەددین وەرگرتوە.
- ساڵی ٢٠٠٦ ماستەری ئەدەبی لە کۆلێجی زمانی زانکۆی سلێمانی وەرگرتوە.
- لە زۆربەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان شیعر و وتار و تۆژینەوەی بڵاو کردوونەتەوە.
- جگە لە نووسینی کتێبی «پایەی وەفایی»، چەند کتێبێکیشی لە عەرەبی و فارسییەوە وەرگێڕاون.
- ئەندامی یەکیەتی نووسەرانی کورد و، مامۆستای بەشی کوردیی زانکۆی ڕاپەڕینە.

هونەرە ئیسلامییەکان

نووسینی:

ئیسماعیل راجی فاروقی

لویس لەمیاء فاروقی

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە:

مستەفای سەیدمینە

چاپی یەکەم

کوردستان- سلێمانی

١٤٣٨ك – ٢٠١٧ز

هونەرە ئیسلامییەکان

.....

لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی
ژمارە (٤٦)

- نووسینی: ئیسماعیل راجی فاروقی ـ لویس لەمیاء فاروقی
- وەرگێڕانی: مستەفای سەیدمینە
- بابەت: هزری
- دیزاین: رەوشت محەمەد
- چاپ: یەکەم

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە (١١٧٥)ی ساڵی ٢٠١٧ پێدراوە

ناوەڕۆك

پێشەکی ٥

ئاستی یەکەم:

قۆڕئان یەکتاپەرستی یان بەرزیی دەناسێنێ ٩

ئاستی دووەم:

قۆڕئان وەك نموونەیەکی هونەریی ٣١

ئاستی سێیەم:

قۆڕئان وەك نموونەیەك بۆ وێنەکێشانی وردی هونەریی ٤١

پێشەکی

لەکاتی باسکردنی هەر دیاردەیەک لە دیاردەکانی شارستانیەتیی ئیسلامیی، دەبێ سەرباری لەبەرچاوگرتنی بنەمای پەیدابوونی، ئامانجی دوورنومای بوونی ئەو دیاردەش لەبەرچاو بگیریت، کە هەم ئامانج و هەم بنەمای، لە قورئانی پیرۆزەوە سەرچاوە دەگرن.

لەڕاستیشدا، ڕۆشنبیریی ئیسلامیی، "ڕۆشنبیرییەکی قورئانی" یە، چونکە پێناسەو بنەماو ئامانجەکانی و ڕێگاکانی گەیشتن بەو ئامانجانە، هەموویان لە پیت و فەڕی ئەو ئایەتانەوە دێن کە خوای باڵا دەست لە سەدەی حەوتی زایینیدا بۆ محمد پێغەمبەری(دروودی خوای لەسەر) ناردوون. بابای مسوڵمانیش تەنها "ڕاستیی ڕەها" لە کتێبە پیرۆزەکەی ئیسلام وەرناگرێت، چونکە ئەو بابەتە لە یەکلاکردنەوە و چەسپاندندا، هاوتای ئەو بیرانەیە دەربارەی سروشت و مرۆڤ و دروستکراوەکانی دیکە، هەروا دەربارەی زانیاریی و دەزگا کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریەکان کە بۆ چاك بەڕێوەبردنی کۆمەڵ پێویستن – بەکورتی: لە مەڕ هەموو لقێکی زانیاریی و چالاکییە دیارەکانی مرۆڤ لە قورئاندا هاتوون – ئەمەش مانای ئەوە نییە کە دەربارەی هەموو بوارێکی زانیاریی و چالاکیی مرۆڤ، چەند لێکدانەوەو باسێك لە کتێبێکی پیرۆزدا

که (١١٤) سووڕەتە، هاتوون، بەڵکو مانای ئەوەیە کە قوڕئانی پیرۆز بنەما سەرەکییەکانی سەرلەبەری ڕۆشنبیریی و شارستانییەتییەک پێشکەش دەکات – چونکە بەبێ ئەو سروش (وحی)ە، ڕۆشنبیریی لەدایك نەدەبوو و، بەبێ ئەو نەدەکرا نە ئایینی ئیسلام، نە دەوڵەتی ئیسلامیی و نە فەلسەفەی ئیسلامیی و نە یاساو کۆمەڵی ئیسلامیی و نە ڕژێمی سیاسیی و نە ئابووریی ئیسلامیی، وەدی بێت.

جا هەروەکو چۆن گومان لەوەدا نییە کە ئەو دیمەنانەی ڕۆشنبیریی ئیسلامیی، لە ڕووی بنەما و پاڵنەر و باسکردن و ئامانجەوە، قورئانین، هونەرەکانی شارستانییەتیی ئیسلامیش، دەبێ هەر بەو چاوە تەماشا بکرێن کە چەند دەربڕینێکی ئیستاتیکین کە لە هەمان سەرچاوە هەڵقوڵیون و بە هەمان ڕێرەودا دەڕۆن. بەڵێ، هونەرە ئیسلامییەکان لە ڕاستیدا هونەری قورئانین.

لەوانەشە ئەو قسە، ئەو نامسوڵمانانە ڕاچڵەکێنێ کە لەوەتی هەن ئیسلامیان پێ ئایینێکی بنەڕەتخواز (موحافەزەکار)ە، کە بتان دەشکێنێ و باوەڕی بە هونەر نییەو حەرامی دەکات[1]. ڕەنگە لە لای

---

[1]. ئەم بۆچوونە لەچەند قسەیەکدا بەرجەستە دەبێت کە هەموویان لەمەی خوارێدا کورت دەبنەوە: (هەڵبەت مەبەدئی ئیسلام لە تەنیایی خواو ئەو شتانەی وەکو مەترسیی هاوبەشپەرستیی و خواداتاشین کە بەو بابەتەوە بەندن، بۆتە هۆی حەرامکردنی سەرپاکی هونەرەکانی پەیکەرتاشیی لە بواری پەرستندا، ئیسلام وەك ڕەفتاری سەختگیرییی خۆپاککەرەوان (بیوریتان)، چێژوەرگرتنی هونەریی بە شێوەو وێنە و مۆسیقاو مونەمنەمەی تەواو قەدەغە کردوە)

هەندێك لەو مسوڵمانانەش هەر سەیر بێت کە بە هەڵە لە هەوڵەکانی زانایان و نەتەوەی مسوڵمان گەیشتوون لە ئاڕاستەکردنی کارو چالاکیی هونەریی بەرەو چەند شێوەو شێوازێکی دیاریکراوی هونەرو دوورکەوتنەوە لە جۆرو شێوازی دیکە. هەڵبەت هەندێك لە مسوڵمانان وادەزانن ئەو ئاڕاستەکردنە ڕەفزکردنی هونەری ئیسلامیی دەگرێتەخۆی، نەك سەر ڕاستکردنی. دیارە هەردووك بۆچوونەکەش لەمەڕ هونەری ئیسلامیی و سەرچاوەکەی، خراپ حاڵی بوونن.

کەواتە: چۆن دەتوانرێ بەو چاوە سەیری هونەرە ئیسلامییەکان بکرێت، کە بریتین لە چەند دەربڕینێکی قورئانی لە ڕەنگ و خەت و جوولّەو شێوە و دەنگ؟ سێ ئاست هەن کە لێکدانەوەیەکی لەو بابەتەیان لەسەر ڕادەوەستێ.

بڕوانە: (کینیپ کراك Kenneth cragg)
The House of Islam (Belmont, California, Wadsworth Publishing Co., 1975)p.15.

ئاستی یەکەم

قورئان یەکتا پەرستی یان بەرزیی دەناسێنێ

دەربڕینی ئیستاتیکیی پەیام: یەکتا پەرستیی

قورئان سروش (وەحی)ە بۆ ڕێنوێنیی کردنی مرۆڤ بەرەو بنەڕەتی تاك و تەنیایی خواو، پەیامێکە پێشتر لەسەردەمانی زوودا، بەچەندەها پێغەمبەری پایە بەرزی وەکو ئیبڕاهیم و نووح و موسا و عیسا ڕاگەیەنراوەو، قورئانی پیرۆز دەربڕینێکی نوێ لەمەڕ تاك و تەنیایی خوا دەگرێتە خۆی، ئەو بەدیهێنەرە ئەزەلییەی ڕێنومایی گەردوون و هەرچی لەنێویدایە، دەکات . خوا لە قورئانی پیرۆزدا بەو زاتە بەرزە باس دەکرێت کە نەچاو دەیبینێ و نە هەستەکان پەی پێ دەبەن: (لا تدركه الأبصار و هو يدرك الأبصار– چاوەکان ئەو نابینن، ئەو چاوەکان دەبینێ –الأنعام "١٠" (ليس كمثله شيء– هیچ شتێك وەکو ئەو نییە– "الشورى ١") ئەو زاتە لەسەرووی هەموو وەسفێکی تێرو تەواوە و، ناکرێ لەهیچ وێنەیەکی جیهانی مرۆڤ، یان دروستکراوەکانی دیکە بچوێنرێت و، لە ڕاستیدا خوا مەیدانخوازیی هەموو پرسیارێکی وەکو:

کێ و چۆن و لەکوێ و کەی دەکات. ئەم بیرەش دەربارەی تەنیایی ڕەهای خواو بەرزیی و بالاییەکەی، بە "یەکتاپەرستی" ناسراوە.

گومانیشی تێدا نییە دەربڕینەکانی قورئان دەربارەی سروشتی خوا، لە وێناکردنی خوا لە میانی شتە بەرهەستەکانەوە، جا چ لەشیوەی مرۆڤدا بن، چ لە شێوەی ئاژەڵدا، یان هێماکانی شێوەگەلی سروشتدا، بەدوورن، بەڵام بەشداریکردنی پەیامی قورئان لە هونەرە ئیسلامییەکان، هەر ئەوەندە نییە، چونکە دەبینین هەموو مونەمنەمەکانی[1] هونەرەکانی ئیسلامی لە لایەن بنەرەتی یەکتاپەرستیی قورئانەوە بەشێوەیەکی گەورە کاریان تێکراوە. جا لەبەر ئەوەی خوا بەتەواویی لە سروشت جیایە و جیاوازییەکەی لە دروستکراوەکانی، ڕەهایە، ئەو کاتەی ئیسلام کاروانە تازەکەی دەست پێکرد، تەنها حەرامکردنی بێ ئەم لاو لای وێناکردنی خوا وەك شێوەکانی نێو سروشت پێویست نەبوو، بەڵکو ئەوە دەستکەوتێکی ئیستاتیکی بوو کە هەست و گیانی سامیی لەسەردەمی زوودا، کاتی عیبرانیەکان، وەدەستی هێنابوو... چونکە هەموو پێغەمبەرەکانیان بەتوندیی دژی ئەوە بوون وێنەی "یەهوە" بکێشرێت، هەروەها دووەم وەسیەتی ناسراوی شەریعەتی مووساش ڕیی لێ گرتبوو، تەنانەت نووسینی ناوی خواش، جێی هاندان نەبوو، بەڵکو ئەو چوار پیتە نەبزوێنە بێدەنگانەش، کە ناوی "یهوه"، یان کورتکراوەکانی دیکەیان

[1]. منمنم: وێنەی بەنەخشو نیگار ڕازاوە لە شێوەی "مینیاتۆر"یدا.

پێکدەهێنا، بەزۆریی ئەو هێمایەیان دەنواند کە خوای عیبڕانیەکانی دەگەیاند. جا لەبەر ئەوەش کە ئیسلام دوای چەند سەدەیەك لە کاریگەریی ئیستاتیکیی کەلەپوورێکی جیا(یۆنانی– ڕۆمانیی– و کەلەپووری هێلینی کە لێی پەیدابوو) کە باڵی بەسەر زۆر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی سامیدا کێشابوو، سەری هەڵدا، ئیسلام سووربوو لەسەر ئەوەی کە پێویستە ڕێبازێکی نوێ بۆ دەربڕینی هونەریی بێنێتە کایەوە، چونکە مسوڵمانان پێویستیان بە شێوازێکی ئیستاتیکی بوو، چەند کارێك پێشکەش بکات، بۆ هاندانی تێڕامانی جوانیخوازیی و چێژ وەرگرتن و، پشتگیریی بنەمای هزرو بیری بنەڕەتیی کۆمەڵ، تا ببێتە هۆکارێکی هەمیشەیی بۆ وەبیر هێنانەوەی بنەڕەتەکانی– ئەو جۆرە کارە هونەرییانە لەدەستیان دێ هۆشیاریی لەمەڕ خوای بەرزو بااڵ کە بەجێهێنانی ویست و ئیرادەکەی، ئەوپەڕی مەبەست و ئامانجی بوونی مرۆڤ خۆشیەتی، بە هێز بکەن. ئەو تێڕوانین و ئامانجەش لە جوانیخوازیی ئیسلامیدا، لە ڕێگەی وێنەکێشانی مرۆڤ و سروشتەوە نەدەهاتەدی، بەڵکو تەنها لە ڕێگەی تێڕامان بە هۆی ئەو داهێنانە هونەرییانەوە دەهاتە دیی، کە ڕێبەدیکردن بەرەو هەمان ڕاستی بە مرۆڤ دەبەخشێت، کە خوا ئەوەندە لە دروستکراوەکانی جیاوازە، ناکرێ وێنا بکرێ، یان بە دەربڕین بنوێنرێ.



وێنەی زەوی وەکو (الشریف الادریسی) لە ساڵی ٥٦٢ك /١١٧٧ز کێشاویەتی

هەڵبەت مسوڵمانانی پێشوو لە کاتی داهێنانی هونەریدا، تووشی ئەو مەیدانخوازییە هاتوون، بۆیە سەرقاڵی ئەو بابەت و شێوازانە بوون، کە خەڵکی پێش خۆیان لە ساماییەکان و بێزەنتییەکان و ساسانیەکان، ئاشنایان بوون، بۆیە هاتوون چەندەها بابەت و کەرەستە و شێوازی تازەیان پەرە پێداون، کە پێویست بوون، لەوەش گرنگتر چەندان شێوازی نوێی هونەرییان داهێناون، پاشان ئەوکاتەی مسوڵمانان، لەگەڵ پەل هاویشتنی دستەڵاتی سیاسییان، بەفرەوان بوونی دەسەڵاتی ئیسلام لەو شوێنانەی کە لە ڕۆژئاوا لە ئیسپانیاوە، تا فلیپین لە ڕۆژهەڵات درێژ دەبوونەوە، بڵاو بوونەوە لەچەندان شوێنی جیاجیای دنیای ئیسلامدا ڕەنێویان هێناون و گونجاندوویانن. دیارە ئەو شێوازە نوێیانە، بەبێ سڕینەوەی فرەییی ناوچەیی، یان حەرامکردنی، بوونە بەردی بناغەی یەکیەتی جوانیخوازیی لە هەموو لایەکی جیهانی ئیسلامدا. هونەری ئیسلامی لەسەری بوو نێوەڕۆکە سلبییەکانی کە شایەتمانی (لاالـه الا الله– بیجگە لە "الله" هیچ پەرستراوێکی بە هەق نییە) و (لیس کمثلە شيء– هیچ شتێك وەکو خوا نییە) دەیگەیەنن، بگرێتە خۆی...

هەروەها لە بەرانبەر ئەوەدا، ڕەهەندی ئیجابی یەکتاپەرستیش بگەیەنێت، ئەو ڕەهەندەی ئەو شتانە نا کە لە خوای گەورەدا نین، بەڵکو ئەو شتانەی لە خوای گەورەدا هەن، دەردەبڕێت.

ڕەنگە دیارترین خەسڵەتەکانی خوای باڵادەستیش، کە بیروباوەڕی ئیسلام ڕایاندەگەیەنێت، ئەوە بێت کە خوا هەموو شتێکی وەکو دادپەروەریی و بەزەیی و زانست و خۆشەویستی دەگرێتە خۆی و، مرۆڤ

هەرچەندە لە ژماردنی سیفەتەکانی خوای بالآدەستدا، یان لە تەواو گونجاندنی یەك لەو سیفەتانەدا لەگەڵ خوادا، هەوڵ بدات، هەوڵەکەی بە هیچ جۆرێك سەرناگرێ[1]، چونکە سیفەتەکانی خوای گەورە هەمیشە لە سەرووی بۆچوون و باسکردنی مرۆڤەوەن ... ئەو ڕێکوپێکییەی نە سەرەتای هەیە و نە کۆتایی و، هەستی هەمیشەیی بوون دەبەخشێت، ئەوە ئی ئەو ڕێبازە هەرەچاکەی دەربڕینی هونەرییە لەمەڕ بنەڕەتی "یەکتاپەرستی" ... هەموو ئەو بنەمایانەش کە داهێنراون تاکو لەگەڵ ئەو ئامانجەدا بگونجێن، ئەوانەن کە هەموو هونەرەکان لەلای گەلانی مسوڵمان لێك جیادەکەنەوە. ئەو ڕێکوپێکییە بێ کۆتاییانە، بە جیاوازییە تاقانەکانیانەوە، دەستکەوتی بەرچاوی مسوڵمانانن لە مێژووی دەربڕینی هونەریدا ... لەو ڕێکوپێکییە بێکۆتاییانەشەوە دەکرێ بە وردیی نێوەڕۆکی پەیامی ئیسلام هەست پێ بکرێت.

زۆر جارانیش هونەری ئیسلامی بە هونەری ڕێکوپێکیی بێ کۆتایی، یان "هونەری بێ کۆتایی"[2] ناودەبرێت و، بەو دەربڕینە جوانیخوازانەش دەگوترێ: "هونەری زەخرەفەی عەرەبی" (ئەڕابیسك)[3]، هونەری

---

[1]. سیفەتەکانی خوا، یان ناوە پیرۆزەکانی خوا (أسماء الله الحسنى) ژمارەیان نەوەت و نۆیە، هەرچەندە وا زانراوە کە بێ کۆتایین.

[2]. بڕوانە: اسماعیل راجی الفاروقی

Islam and Culture Kuala Lumpur: AngkatanBelia Islam Malay-sia, 1980.p.44

[3]. پێناسەی وردی وشەی "ئەڕابیسك" ئەوەیە کە بریتییە لە جۆرێکی تایبەتی وێنەکێشان بە گەلاێ دار یان گەلاێ مێو بەشێوەی تەوەرەیی، مسوڵمانان دایانهێناوە ... "ئەرسنت کۆنێڵ"

زەخرەفەی عەرەبیش هەر هونەری "گەڵکاریی– التوریق" کە گەلانی مسوڵمان بە ڕێك و جوانیی دەیانکرد، ناگرێتەوە[1] ... هەروەها تەنها ڕێکوپێکییەکی ڕووتی دوو ڕەهەند نییە لەسەر هونەری خەتخۆشیی شێوە ئەندازەییەکان و شێوە ڕووەکییە دیاریکراوەکان[2] بەند بێت، بەڵکو بوونەوەرێکی بنیاتگەرە لەگەڵ بنەڕەتە جوانیخوازییەکانی بیری ئیسلامیدا دێتەوە، ئەم هونەرە هەستی باڵایی بێ کۆتایی لای مرۆڤ دروست دەکات، بەوەی کە لە سەرووی شوێن و کاتە، ئەوەش بە بێ لاف لێدان دەکات، کە مسوڵمان ڕقی لێیەتی، ئەمەش لەوەوە دێت کە ڕێکوپێکییەکە بۆخۆی،

Ernst Kuhnel لە کتێبەکەیدا بە ناوی: The Arabesque: Meaning and Transformation of an Ornament

وەرگێڕانی: ڕیچارد ئیتنگهاوزن Richard Ettinghausen (Graz, Austria: Verlag fur Sammler .1949)p.4

دەڵێ: لە کۆتایەکانی سەدەی نۆزدەدا "ئالۆیس ڕیگل" (AloisRiegl) کتێبێکی نووسی، لەوێدا دیاریکرد کە ئەو زاراوە جۆرێکی تایبەتی دیزاینی زەخرەفی دەگرێتەوە، بەڵام دوایی وای لێهات زاراوەکە مەعناکەی فرەوان بوو و، زنجیرەیەکی درێژ لە دیزاینی زەخرەفی بە خەت و شێوەگەلی ئەندازەیی و ڕووەکی گرتەوە. (لوس ئیبسن فاروقی)ش لە توێژینەوەکەیدا بە ناوی: Ornamentation in Arabian Improvisational Music: A Study in Interrelatedness in the Arts " The World of Music, 20 (1978), pp,17-32.

بڕوانە هەمان نوسەر : The Islamization of the Hagia Sophia Plan

کە توێژینەوەیەکە پێشکەش کراوە لە کۆنفرانسی: The common Principles, Forms & Themes of Islamic Art

إسطمبول، نیسان، ١٩٨٤" هەروەها بڕوانە: إسماعیل راجی الفاروقی

"Islamic and Art" StudiaIslamica, 37 (1937), pp. 102-103.

[1]. بڕوانە: Kuhnel, The Arabesque

[2]. بڕوانە خۆی " Arabesque" لە مەوسوعەی ئیسلام Encyclopedia if Islam چاپی نوێی (Leiden: E.J. Brill) ج١، ص٥٥٨–٥٦١.

سەرووی خۆی دەنوێنێ– جا لە میانی تێڕامانی ئەم ڕێکوپێکییە بێ کۆتاییانەوە، زەینی وەرگر ڕوو دەکاتە خواو، سەرەنجام هونەر دەبێتە پشتیوان و وەبیرهێنەوەی بیرو باوەڕی ئایینی. ئەم لێکدانەوەی ئامانجی بوونی هونەری ئیسلامی، زۆر لە چەمکە هەڵە باوەکان، کە پێیان وایە هونەری ئیسلامیی، هونەری شێوەکاریی ڕەفز دەکات و، لەجیاتی ئەوە بایەخ پێدان لەسەر بابەتە ڕەهاکان چڕ دەکاتەوە، هەڵدەوەشێنێتەوە.

بۆ نموونە: ئەو قسەی کە گوایە مسوڵمان سروشت بە خەیاڵ دەزانێت، پووچ دەکاتەوە، چونکە سروشت لای مسوڵمان بەشێکی بەرهەستە لەوەی خوا دروستی کردوە و، ڕاستەقینە و ڕەوایەو، وەکو جیهانی مرۆڤ و ئاژەڵ، شاکارە.

لەڕاستیدا سروشت بەڵگەی تواناو بەخشندەیی خوایە.

(سووڕەتی "بقرە" :١٦٤، سووڕەتی "أنعام": ٩٥–٩٩، سووڕەتی "یونس": ٤–٦ و زۆری دیکەش).

کەسیش بۆی نییە ئەو قسە بداتە پاڵ ئیسلام کە سروشت خراپەو، دەبێ ببوغزێنرێت، ئاخر چۆن مسوڵمان شتێك خوا بۆ سوودی مرۆڤ دروستی کردبێت بە خراپی دەزانێت؟! قورئانی پیرۆز سروشت بە جێگای شتی سەیر و شاکار و جوان دەزانێت کە بۆ سوود و قازانجی مرۆڤ ڕانوێنراون(سووڕەتی "بقرە": ٢٩، ٧٨. سووڕەتی "نبأ": ٦،١٦،٢٥. سووڕەتی "فرقان": ٤٧–٥٠. و زۆری دیکەش).


مسوڵمان پێیوایە سروشت بەو هەموو مەزنییەی لە جۆراو جۆریی و کاملێیدا، تەنها شانۆیەکە مرۆڤ هەوڵ دەدات ویستی مەلەکووت، یان هۆکاری

هەرەبالاّی لەسەر بەدی بێنێ و، مسولّمان دەزانێ کە خوا ئەو هۆکارە هـەرە بالاّیەیە کە لە هەموو شتێك گەورە تـرە. مـسولّمان لـە هـەموو بۆنەیـەکی بـە چاك زانین، بە دلّ بوون، پێزانین یـان ئیلهامـدا، بـۆ دەربڕینـی ئـەو بـاوەڕە، ڕستەی "الله أكبر– خوا لە هەموو شـتێك گـەورە تـرە" دووبـارە دەکاتـەوە. ئەگەر کلتوورەکان و گەلانی دیکە مرۆڤ بە "پێوەری هەموو شتەکان" بزانن، یان سروشت بە دوا بڕیاردەر بزانن، ئەوە مـسولّمان بـە هـەموو ئەندامـەکانی لەشی، ڕوو لە خوای بەرزو بالاّ[1] دەکات.

جا کەواتـە هونـەری ئیـسلامیی ئامـانجێکی هەیـە کـە لەگـەلّ ئامـانجی قورئـان دێتـەوە، ئـەویش فێرکردنـی ڕەگـەزی مـرۆڤ و پـشتگیری کردنـی چەمکی خوای پاکی بێگەردی بالاّیە لە بۆچوونیاندا.

---

[1]. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: Lois Ibsen al – Faruqi,
"An Islamic Perspective On Symbolism in The Arts: new Thoughts On Figural Representation, "Art, Creativity and Reli- gion. Ed. Diane ApostolosCappadona (New York: Crossroad Pub. Co.,1983). Pp. 164-178



زەخرەفەیەکی عەرەبیی ئەندازەیی:

ڕووکاری مێزێکی سەدەفچن. سەدەی بیستەم، سووریا.


خەسڵەتەکانی دەربڕینی جوانیخوازیی یەکتاپەرستیی

پێوەندیی نێوان قورئانی پیرۆز و هونەری ئیسلامی، تەنها لە "یەکتاپەرستی" دا کورت نابێتەوە، بەڵکو لەو خەسڵەتە جوانیخوازییانەشدا کە مسوڵمانان بۆ وەدیهێنانی هەستکردن بەو بێ کۆتایی و بەرزییەی بنەڕەتی یەکتاپەرستیی قورئان دەیخوازێت، بەرجەستە دەبێت.

بەڵام ئەم بنەڕەتە چۆن لە میانی نێوەڕۆکی جوانیخوازیی و شێوەدا دەچەسپێت، تاکو ئەو هەستە دروست بکات؟ ئەم شتانەی خوارەوە ئەو هەستە وەدی دێنن:

– ڕەهــایی: هەڵبــەت ڕێکوپێکییــە بــێ کۆتاییــەکان لــە هونــەری ئیسلامیدا، پیش هەموو شتێك ڕەهان و، لەبەر ئەوەی وێنەگەلی مرۆڤان بە تەواوی لێی دانابڕێن، ئەوە دەربارەی دەگمەنیی شێوەگەلی سروشی تێیدا، بواری مشتو مڕی زۆر نییە، تەنانەت ئەو کاتەی چەند وێنەیەکی نێو سروشتیش بەکاردەهێنرێن، ئەوە بۆ چەند شێوازێکی ڕێکخستن و لێ دانینی سیفەتی سروشتیی، ملکەچ دەبن، کە وایان لــێ دەکــەن زیــاتر لەگەل ڕۆڵیــان لــە نکــوولّی کردنــی ڕێبــازی سروشــتیی لــە هونــەردا، لــە وێنەکێشانی دیاردە سروشتییەکاندا، بگونجێن.

– بنیاتی یەکەکان: کاری هونــەریی ئیــسلامیی لــە چــەند بەشێك یــان چەند یەکەیەکی جیا جیا پێك دێت کە بۆ پێکهێنــانی دیزاینێکــی فــرەوانتر یەك دەگرن. هەموو ئەو بەشــانەش شــتێك پێکــدێنن کــە پێوانــەو تــرۆپــك و شــاکاری هەیــە، دەتــوانرێ چــەمکەکەی لــە خۆیــدا بــە یەکەیــەکی ڕوون و ئاشکرا، بزانرێت.



هێڵکارییەك لە شێوەی ئاژەڵدا لەسەر بەرماڵێك لە قۆنیە، تورکیا، بۆ سەدەی سێزدە دەگەڕێتەوە (بە مۆڵەتی وەزارەتی ڕۆشنبیریی و گەشتیاریی تورکیا).

- **پێکهاته یەك لەدوای یەکەکان**: بێ گومان ڕێکوپێکییە بێ کۆتاییەکان بە بیسراو و بینراو و جوولاوەوە، یان پێکهاتە یەك لەدوای یەکەکانی یەکە بنە ڕەتییەکان، یان دووبارە بوونەوەیان، یان هەردووکیان دەنوێنن.


ئیدی بەم جۆرە چەند پێکهاتەیەکی زیادەی بەربلاوتر پێك دێنن، کە بوونی سەربەخۆی تایبەتی و ناسنامەی خۆیان هەیە.

پێکهاتەیەك لەدوای یەکە هەرە بەربلاوەکانیش، لە کارێکی هونەریی ئیسلامیدا، بەهیچ جۆرێك ناسنامەو کەسایەتیی ئەو بەشە بچووکترانەی لێیان پێکدێن، تێك نادەن، بەڵکو ئەو جۆرە پێکهاتە هەرە فرەوانانەش بە نۆرەی خۆیان ڕەنگە دووبارە ببنەوە و، جیا جیا بن و، بە چەند شتێکی بچووکتر یان گەورەترەوە بەند بن، کە ئاڵۆزترن، ئیدی بەم جۆرە ڕێکوپێکیی بێ کۆتایی، دەبێتە خاوەنی چەند مەڵبەندێکی گرنگی جوانیخوازیی و، چەند "گۆشە نیگا" یەك، کە لەکاتی لێحاڵی بوونی پێکهاتەیەك لە دوای یەکەکانی یەکە و بوون و بابەتە بچووکترەکان، دەکرێ لێیان حاڵی بین و، لە هیچ دیزاینێکدا هەرتاکە خاڵێکی سەرەتای جوانیخوازیی، یان گەشەکردنێکی بەردەوام بەرەو خاڵێکی کۆبوونەوە، یان چەقێکی یەك لاکەرەوە، نییە.لەجیاتی ئەوە، دیزاینی ئیسلامیی ژمارەیەکی بێ کۆتایی مەڵبەند و چەقی بایەخ پێدانی تێدان و، لەبەر شێوازێکی تێگەیشتنی ناوەکیی، ڕێ نادات سەرەتا یان کۆتاییەکی یەکلاکەرەوەی بۆ دابنرێ.


– **دووبارەکردنەوە**: خەسڵەتی چوارەمیش کە بۆ دروستکردنی هەستی بێ کۆتایی لە کاری هونەریدا پێویستە، بریتییە لە ئاستی بەرزی دووبارەکردنەوە، چونکە پێکهاتە زیادکراوەکان لە هونەری ئیسلامیدا، دووبارەکردنەوەی بابەتە سەرەکییەکان و یەکە بنەڕەتییەکان و پێکهاتە یەك لە دوای یەکەکانیان کە وادەردەکەون، وەکو بڵێی تا بێ کۆتایی بەردەوام بن، بەکاردێنن و، لێرەدا ڕەهایی، پشتیوانی پەیدا دەبێت و، بەم چڕکردنەوە تایبەتییەی بەشە پێکهێنەرەکانی بەهێز دەبێت، هەروەها لە دیزایندا نایەڵێ هیچ یەکەیەك بەسەر ئەوی دیکەدا زاڵ بێت.




دریژەی چەند نەخشێك بە فسیفسا لەسەر گڕی (زیندەشا) لە سەمەرقەند، سەدەی چواردەهەم (وێنەگرتنی لەمیا فاروقیی)



دریژەی چەند نەخشێك بە فسیفسا لەسەر گۆڕی (زیندەشا) لە سەمەرقەند، سەدەی چواردەهەم (وێنەگرتنی لەمیا فاروقیی)



مەکتەبی (تەڵاکاریی) لە سەمەرقەند، (١٦٤٦–١٦٦٠ز)



بەرمالێکی نوێژ لە تورکیا، سەدەی هەژدەهەم، (چەند پێکهاتەیەکی یەك لە دوای یەك)ی زۆر کە هەندێك بابەتی دیزاینکاریی یەکەداری تێدایە
(بە مۆڵەتی وەزارەتی ڕۆشنبیریی و گەشتیاریی تورکیا)


- **بزۆزەیی (الحرکیه):** دیزاینی ئیسلامیی بزۆزەو جووڵاوە، واتە دیزاینێکە دەبێ لە میانی کاتدا بدۆزرێتەوە.

(بوئاس) پێی وایە، کارە هونەرییەکان یان پشت بە کات دەبەستن، یان شوێن[1]. لەو باوەڕەدایە ئەو هونەرانەی پشت بە کات دەبەستن، ئەدەب و مۆسیقا دەگرنەوە، بەڵام هونەرە بینراوەکان و هونەری تەلارسازیی، پشت بە شوێن دەبەستن و، "بوئاس"، سەماو دراماشی لە نێو ئەو هونەرانەدا پۆلێن کردوون کە پشت بە کات و شوێن دەبەستن و، هەرچەندە ئەم بۆچوونە لەوانەیە لە پۆلێن کردنی هونەرەکان لە ڕۆشنبیریی ڕۆژئاوادا مانایەك ببەخشێت، بەڵام لە هەوڵی تێگەیشتنی هونەرە ئیسلامییەکاندا پیاو بە هەڵە دەبات، چونکە دیمەنە ڕووکەشەکان یان ئاشکراکانی کات و شوێن، بەشێوەیەکی ئاسایی لێرەدا دەگونجێن.

نووسینی ئەدەبی یان مۆسیقا بە شێوەیەکی ئاسایی لەمیانی زنجیرە ڕووداوێکی جوانیخوازیی کاتیدا مرۆڤ لێیان حاڵی دەبێ. لە ئەدەبدا لێحاڵیبوون یان لە ڕێگای خوێندنەوەی بەرهەمە هونەرییەکەوە دەبێت، یان گوێگرتن لە خوێندنەوەی، لە مۆسیقاشدا لێحاڵیبوون یان لە ڕێگەی بەشداریکردن لە لێدانیدا دەبێت، یان گوێ لێ گرتنی. — هەروا دەشکری مۆسیقا لیدان لە ڕێی "نوسراوی مۆسیقا" وە "بخوێنرێتەوە"، کە ئەوە هێندە باو نییە.

---

[1]. بڕوانە:
Franz Boas, Primitive Art (Oslo: Institullet for SammenlignendeKulturforskning, 1927)




بەرمالێکی نوێژ لە ئاسیای نێوەڕاست (کۆمەڵەی ملحم مبارك) لە (پێشانگای هونەری ئیسلامیی) کە "نیکۆلا سەرسەق" لە بەیرووت، لوبنان، ١٩٧٤ کردبوویەوە، پێشان درابوو.

(وێنەگرتنی لەمیا فاروقیی)

لە لایەنی دووەمیشەوە تەماشا دەکەین هونەرە بینراوەکان و هەموو پەیکەرەکانی تەلارسازیی، پشت بە ڕەگەزی شوێن دەبەستن، چونکە جێگایەکی دیار دەگرن و، چەند ڕەگەزێکی شوێنی وەکو: (خاڵ و هێڵ و شێوە و قەبارە) لە کاری داهێناندا بەکار دێنن .

سەرباری باوەڕ کردن بەو خەسڵەتانەی "بوئاس" ئاماژەیان بۆ دەکات، پیاو دەبێ لە باسکردنی هونەرە ئیسلامییەکاندا، ئەگەر بیەوێت بە شێوەیەکی ڕاست تێیان بگات، زۆرتر بڕوات، چونکە سەرەڕای خەسڵەتەکانی و شوێنییە ئاشکراکان، کە باسکران، کە چەند خەسڵەتێکن بە شێوەیەکی گشتیی چەمك و نێوەڕۆکیان هەیە، هەموو کارێکی هونەری ئیسلامیش بە شێوەیەکی ورد و ناسکتر لە ئاڕاستەیەکی کاتیی مەحکەم بەڵکو دەگمەندا، بەشداری دەکات، لە ڕاستیدا هونەرە بینراوەکان لە ڕۆشنبیری ئیسلامیدا، هەرچەندە بە چەند ڕەگەزێکی شوێنی ڕەفتار دەکەن، لە میانی کاتدا نەبێت، لێیان حاڵی نابین، ڕێکوپێکیی بێ کۆتاییی مەحاڵە بە تروکەیەك، یان ساتێك، یان سەرنجێك بکەوێتە نێو بازنەی لێحالیبوون، بەڵکو چاو و زەین بە زنجیرەیەك لە شتی بینراو و جێی تێڕامان کێش دەکەن، کە دەبێ بە شێوەی زنجیرەیی لێیان حاڵی بین و، چاو لە دیزاینێکی دوو ڕەهەنددا لە ڕێکوپێکییەکەوە بۆ سەر ڕێکوپێکییەکی دیکەو، لە مەڵبەندێکەوە بۆ مەڵبەندێکی دیکە دەچێت.



کورسیی داری ئاسایی لەسەر دیوارێکی فسیفسای شین و سپی، لە شاری مێژویی فاس لە مەغریب.



وێنەیەکی وردی ئێرانی (بەهرام تەنین دەکوژێ) جمال الدین محمد صدیقی اصفهانی.

بەو جۆرە لێحاڵیبوونی کاری تەلارسازی، بە گواستنەوەی یەك لە دوای یەك، لە میانی ئەو ژوور و ڕێڕەو و تاق و گومبەزانەی تێیدان، یان لێی جیا دەبنەوە، دێتە دیی. تەنانەت خانووش، یان کۆمەڵە خانوویەکیش، ناکرێ لە دووڕەوە وەك بەشێکی بەسەر یەکەوە، مرۆڤ لێی حاڵی بێت، بەڵکو ئەوەی سەردانی دەکات، هەر دەبێ لە میانی کاتدا، لە نێو بەشە جیا جیاکانی خانووەکەدا[1] بگەڕێ، ئەوجار تێی بگات.

هونەری وێنە وردکراوەکانیش، زنجیرەیەك کەسایەتی، یان دیمەن، کەهەر دەبێ بە شێوەیەکی یەك لە دوای یەك مرۆڤ تێیان بگات، دەنوێنن، هەروا لە هونەرە کاتییە کانی وەکو ئەدەب یان موّسیقا و سەماشدا هەروایە، لێحالی بوونی کاری هونەریی ئیسلامیش،

---

[1]. بڕوانە باسکردنی شاری ئیسفەهان، لە: Nader Ardalan&LalehBakhtiar, The Sense of Unity: The Sufi Tradition in Persian Architecture (Chicago, 1973). Pp. 97 ff.

بەشێوەیەکی زنجیرەیی و کەڵەکە بوو، جا چ کاتی بن چ شوێنی، ئەنجام دەدرێت و، خەیاڵیش ئەوەی تێدا وێنا دەکرێ کە ڕێکوپێکییەك بەردەوام گەشەدەکات و دووبارە دەبێتەوە و، وا دەردەکەوێت وەك بڵێی بەشێوەیەکی ناوەکیی لە لێواری تابلۆ، یان کتێب یان دیوار، یان ڕووکاری خانوو زیاتر دەڕوات. ناشکرێ قەت مرۆڤ بە شێوەیەکی تەواو، تەنانەت لە ڕێکوپێکیی بێکۆتایی تەلارسازیش بگات، مەگەر دوای جوواڵەی کردەیی، یان خەیاڵیی لەسەر بانەکانی تەلاروڵەمیانی بۆشاییەکانی لە ڕیز بە ندێکی کاتیدا...

"ئەردەلان" و "بەختیار" لە تەلارێکی جووڵاو دەدوێن....

هەر دەڵێی پارچە مۆسیقایەکە[1] و، ناکرێ لە یەك کاتدا هەست بە هەموو خەسڵەتە گشتییەکانی بکرێت، بەڵکو مرۆڤ لە دوای ناسینی پارچە زۆرەکانی و تێگەیشتنیان[2] نەبێ، ناتوانێ لە سەرلەبەری شتێك"گشت" تێبگات. لەبەرئەوە ناکرێ هونەری زەخرەفەی ئیسلامیی، هونەرێکی بێ گیان بێت، هەروەکو هەندێك جار چەند لێکۆڵەرەوەیەکی بەهەڵەچوو پێیان وایە[3]، بەڵکو بە پێچەوانەوە، چێژ لێوەرگرتنی، کردارێکی جووڵەیی

---

[1]. هەمان سەرچاوە، لـ٩٥.

[2]. بڕوانە وەسفی کتێبی جەلالەددینی ڕۆمی "مثنوی" لەلای Marshall G.S. Hodgson لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی: The Venture of Islam. چاپی:جـ٢، ٢٤٩–٢٧٤ (University of Chicago Press, 1974)

[3]. بڕوانە: EnrstDiez. "A stylistic Analysis of Islamic Artt" لە گۆڤاری ArsIslamica, 5(1938). P. 36

تێدایە کە بەڕیز سۆراغی هەموو بابەتێکی سەرەکیی و هەموو یەکەو پێکهاتە یەك لەدوای یەکەکانی دەکات.

ئەوانەی لە پەیامی ئەو هونەرەو پێکهاتەکانی حاڵی دەبن، دەزانن کە لە ڕووی جوانییەوە[1] لە هەموو شێوە هونەرییەکان بزۆزەتر و چالاکترە و، دەربڕینێکە وادەخوازێت ناسین و تێگەیشتنی هەموو هونەرە کاتی و شوێنییەکانی ناوی، بەکاتەوە بەند بێت.

– **بەنێو یەکداچوون:** بەنێو یەکداچوونی درێژەی بابەتەکان، خەسڵەتی شەشەمی هونەری ئیسلامییە، چونکە بەنێویەکداچوون توانای هەموو ڕێکوپێکییەك یان زەخرەفەیەکی عەرەبی، بۆ زاڵبوون بەسەر سەرنجی بینەر و ئاراستەکردنی بیرچەسپاندن (الترکیز) بۆسەر بابەتە بنەڕەتییە وێنە کێشراوەکان، زیاد دەکات.

ڕاستەهێڵ یان شێوەی تەنیا، هەرچەندە شاکاریش بن، ناگونجێ لە ڕێکوپێکیی ئیسلامیدا ببنە تاکە مادەدەی مونەمنەمە، چونکە چەند ئەوەندە لێ کردنی ڕەگەزە نێوخۆییەکان و، زیادکردنی بەنێویەکداچوون، لە پێکەوە گونجاندن و ئەنجامدانداییە، کە بزۆزەیی و دڵگیریی لە ڕێکوپێکیی بێ کۆتاییدا پێکدێنێ.

هەروەها بڕوانە: Arthur UphamPoPe, Persian Architecture The Triumph of Form and Color (New York: George Braziller, 1965). P.81.

1. بڕوانە: David Talbot Rice. "Studies in Islamic Metal Work- vi" Bulletin of the School of Oriental and African Studies (University of London), 21 (1958). Pp. 225-253.

ئاستی دووەم
قۆناغی وەك نموونەیەكی هونەریی

هونەری ئیسلامیی، سەرباری شوێن پێ هەڵگرتنی پەیامی فکریی قۆناغان، هونەرێکی "قۆناغی" یە، بەو واتایەی کتێبی پیرۆزی گەلانی مسوڵمان، یەکەم نموونەی هەرەبەرزی شاکاری هونەریی پێشکەش کرد و، قۆناغی پیرۆز بە یەکەم"کاری هونەریی لە ئیسلامدا [1]" لە قەڵەم دراوە، نابێ ئەمەش وا لە کەس بکات وا تێ بگات کە قۆناغان لە داهێنانی بلیمەتیی ئەدەبی محمد پێغەمبەرە (درووی خوای لەسەر) وەکو نامسوڵمانان حەز دەکەن هەر بیڵێنەوە و، مسوڵمانانیش بە تونديی ڕەتی دەکەنەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، مسوڵمانان دەزانن قۆناغانی پیرۆز بە ڕوخسار و نێوەڕۆکیەوە، هەروا بە وشە و بیرەکانیەوە، خوا ناردوویەتە خوارێ، وشەکانی یەکسەر قسەی خوان

---

[1]. بڕوانە: I.R. Al-Faruqi, "Islam and Art," pp. 95-98.

و، بـه سـروش بـۆ محمـد (د.خ) هـاتوون و، ڕێزکردنـی ئایـەت و سووڕەتەکانی بە فەرمانی خوا کراوە.

وەکو لە پێشدا باسمان کرد، ئەم ڕوخسار و نێوەڕۆکە، هـەموو ئـەو خەسڵەتە جیـا کەرەوانـەی پێـشکەش کـردوون، کـە ڕێکوپێکییـە بـێ کۆتاییەکانی هونەری ئیسلامیی دەنوێنن. قوڕئانی پیرۆز خۆشـی، تێـرو تەواوترین نموونەی ڕێکوپێکیی بێ کۆتاییە نموونەیەکە بۆی لـواوە کـار لە هەموو داهێنانەکانی هونەری ئەدەبی و هونەری بینراو (لە ڕازاندنەوە و لە پەیکەرەکانی تەلارسازیشدا) و تەنانـەت لـە هونـەرەکانی دەنـگ و جووڵەش [1] کە لەدوای قوڕئان پەیدا بوون، بکات.


قوڕئانیش وەکو بەرهەمێکی ئەدەبیی، کاریگەرییەکی ئیستاتیکیی و سـۆزداریی گـەورەی لەسـەر ئـەو مـسوڵمانانە هـەبوو کـە پەخـشانە شیعرەکەیان دەخوێندەوە، یان گوێیان لێ دەگـرت. چـەندەها کەسـیش لەژێر کاریگەریی جوانیخوازیی خوێندنەوەی قوڕئاندا مسوڵمان بـوون و، گەلێك بەسەرهات هەن باسی ئەوەدەکەن کە زۆر کـەس لـە کـاتی گـوێ گرتن لە قوڕئاندا، شەڵاڵی فرمێسك و گریان بوون، یان مردوون[2].

---

[1]. بڕوانە: Lois Ibsen Al- Faruqi, "Dance as an Expression of Islamic-Culture,"Dance Research Journal, 10 (Spring-Summer, 1978) pp.6-13.

[2]. بڕوانە: علی بن عثمان الجلابي الحجويری، كشف المحجوب للحجويری، الترجمه الانجليزيه. Reynold A. Nicholson, in E.J.W. Gibb Memorial Series, 17 (London Luzac& Co., 1967), pp. 396-397.

هەڵبەت زۆر جار نامسوڵمانانیش کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی قووڵی شاکاری ئەدەبیی قورئانی پیرۆز، دیارە ئەو تێرو تەواوییەی قورئان، کە هیچ تێرو تەواوییەك نایگاتێ، پێی دەڵێن "موعجیزە". بەڵام سەرەڕای موعجیزەبوونی قورئان و دەستەوستانیی خەڵك لەوەی کە بگەنە ڕەوانبێژیی قورئانی پیرۆز، قورئان هەر بۆتە سەرمەشقی سەر لەبەری هونەرەکان. ئەم بەشداریپەش لە ڕۆشنبیریی ئیسلامیدا شێوەیەکی تایبەتی داوەتە ئەو بابەتە هونەریی و شێوازە زۆر و زەوەندانەی وەرگیراون و بەکارهێنراون و لە گەلێك سەردەمی جیا جیادا لە چەندان ڕۆشنبیریی و میللەتەوە وەرگیراون.



کەوانەیەکی تاشراو لە کۆشکی سوور

ئەم بنەڕەتە یان نموونەش، کە ئەو مادەو بیرانەی وەرگیراون، خستوونیەتە نێو قالبێك و بابەتەکانی خستوونەتە نێو بازنەی داهێنان و شێوازە تازەکان و، سەرەنجام ئەوە بۆتە بەرجەستەکردنی بااڵی پەیامی ئیسالم، لە یەکتاپەرستیی و سەرمەشق و نموونە، بۆ سەرلەبەری دیمەنەکانی هونەری ئیسلامی، کە لە دواییدا پەیدابوون.

قۆناغی پێرۆز یەکەم نموونەی شەش خەسڵەتەکانی هونەری ئیسلامیی، کە لەمەوبەر باسمان کردن، پێشکەش دەکات، یەکەم خەسڵەتیشیان ئەوەیە کە لە جیاتی پێ داگرتن لەسەر وێنەکێشانی واقیعی، یان سروشتی، قۆناغی پێرۆز نموونەیەك لە رەفزکردنی پەرەپێدانی گێڕانەوەیی وەك بنەڕەتێکی ڕێکخراوەیی ئەدەبی، پێشکەش دەکات، ئەوەتا بەشێوەیەکی پارچە پارچە و دووبارەکراوە، هەندێك ئاماژە بۆ چەند ڕووداوێك دەکرێت، بەجۆرێك هەر دەڵێی خوێنەران زانیارییان دەربارەی چیرۆك و کەسەکان هەیە... جا لێرەدا یەکەم ئامانج گێڕانەوە نییە، بەڵکە فێرکاریی و ڕەوشتییە. ڕێزبەندیی قۆناغی بۆخۆشی (کە سووڕەتە مەدینەییە) هەرە درێژەکان، لەبەر ئەوەی زیاتر ڕووەو پەخشانن، لەسەرەتای قۆناغەوە نزیکن و، سووڕەتە مەکەییە هەرە کورتەکان، لەبەر خەسڵەتی زەقی "شیعریی" یان، لە کۆتاییەکەی نزیکن، خەسڵەتی ڕەهایی قۆناغ تۆختر دەکەنەوە، چونکە ئایەتەکان نایەن زنجیرە ڕەوشتێکی دژ یەك و ناکۆك و هەڵبژێرراو بەکار بێنن، بۆ ئەوەی بە سەختیی خوێنەر ڕابکێشن، بەڵکو خوێنەر چەند هەستێك دەبجوولێنن، کە ڕەهاو دوور لە سیماکانی کەسایەتییەکی تایبەتی دەردەکەون. گومانیشی


تێدا نییە ئایەت و سووڕەتەکان هەست و سۆزی گوێگر دەوروووژێنن، بەڵام ئەم کارە بەبێ چەند ڕەوشتێکی دەروونی تایبەتی ئەنجام دەدەن.

خەسڵەتی دووەمیش ئەوەیە کە قورئانی پیرۆز، وەکو کاری هونەریی ئیسلامیی، بەسەر چەند بەشێکی ئەدەبیدا دابەش دەبێت (ئەوانیش ئایەت و سووڕەتەکانن)، کە بە نۆرەی خۆیان چەند بەشێك پێکدێنن. هەموو ئایەتێکیش، یان سووڕەتێکیش، یەکەیەکی تەواوە پشت بەوەی پێش و پاشی خۆی نابەستێ و، یەکەکان پێوەندییەکی ئەندامیی ئەوەندە گەورەیان لە نێواندا نییە ناچاریان بکات کە هەر بەدوای یەکدا بێن. لە تەجویدیشدا، "ڕاوەستانەکان" بە ڕوونیی شێوەی مۆسیقاکە بەسەر چەند یەکەیەکی بیسراودا دابەش دەکەن.

خەسڵەتی سێیەمیش ئەوەیە کە عیبادەت و ئایەتەکان پێکەوە بەستراون بۆ ئەوەی چەند یەکەیەکی درێژتر، یان چەند پێکهاتەیەکی یەك لە دوای یەك، پێك بێنن. ڕەنگە ئەمانەش چەند بەشێکی کورت یان چەند حیزبێك لەنێو چەند سووڕەتێکی درێژتردا پێك بێنن. بۆنموونە: دە ئایەت "دەیەك" پێك دێنن و، کۆمەڵە "دەیەك" یێك چارەگ، پێك دێنن و، کۆمەڵە "چارەگ" یێك "حیزب" یێك پێك دێنن و، دوو "حیزب" پێکەوە "جزوو" یێك پێك دێنن و، هەر سی جزوەکەش بەسەر یەکەوە، سەرلەبەری قورئانی پیرۆز پێك دێنن. هەروەها یەك ئایەتیش بۆخۆی، بەسەر چەند بەشێکی لاوەکیدا دابەش دەبێت، کە وێکچوونی مۆسیقای کۆتایی وشەکان و پیتەکانی نەرمیی، دیارییان دەکەن. کاتێك مەعناش تێکنەچێت ئەوە شوێنەکانی ڕاوەستان لە ئایەتە پێکەوە بەستراوەکاندا، دەکرێ بگۆڕێن،


چونکه لەوانەیە خوێندنی قوڕئان بە کۆتایی هاتنی سووڕەتێك، تەواو بێت، لەوانەشە لە کۆتایی هەر ئایەتێك یان کۆمەڵە ئایەتێك تەواو بێت، تەنانەت ئەگەر دوو سووڕەت یان زیاتریش بخوێنرێنەوە... مسوڵمان ئەوەندەی بۆی بلوێ لەو کاتە دیاریکراوەدا قوڕئان دەخوێنێ، یان گوێی لێ دەگرێ، بۆیە خوێندنەوە پێش وەخت چەندێتییەکەی دیاری ناکرێ، هەروا سەرەتاو کۆتاییشی و، نە هەستی تێهەڵچوونەوەی دوای تەواو بوون و نە هەستی ڕاوەستانی یەکجاریی دروست ناکات.

خەسڵەتی چوارەمیش لە هەموو هونەرەکانی ڕۆشنبیریی ئیسلامیدا هەیە– ئەویش زۆریی ئامڕازەکانی دووبارە کردنەوەیە– کە لە شێوازی قوڕئانیشدا بەدیی دەکرێ، جا شێوازی شیعریی، کە لە دووبارەکردنەوەی دەنگ یان مۆسیقا پەیدا دەبێت، لە قوڕئانی پیرۆزدا زۆر هاتوە. سەرباری ئەو نموونە زۆرانەی لە کۆتایی وشەکاندا هاتوون، ئەو وشانەی مۆسیقاکەیان لێك دەچێت و یەك بڕگە، یان چەند برگەن، قوڕئانی پیرۆز چەندان نموونەی لە مەڕ مۆسیقای ناوەکی ئایەتەکانی تێدان. دووبارەکرنەوەی یەکەکانی دەنگ و دەنگدارو بێدەنگەکان، ئەوەندە زۆرە، کە زیندوێتی شیعریی داوەتە ئەم بەرهەمە ئەدەبییە. ئەو عیبارەت و ڕستانەی لە کۆتایی ئایەتەکاندا دێن، چەندان جار وەدەردەکەونەوە بۆ پشتگرتنی هەر کام لە پەیامی فێرکاریی و جوانیخوازیی دووبارەکردنەوەی بیرەکان و شێوازەکانی قسەش، لە ڕەگەزەکانی ڕەوانبێژین، ئەم ڕەوانبێژییەش بناغەی ئەو بۆچوونەی مسوڵمانانە کە دەڵێن: قوڕئان بە ڕاستیی موعجیزەیە و، لەبەر ئەوەشە قسەی ئەزەلیی خوایە.




وێنەی زەویی وەکو (ئەبوو ڕەیحانی بێروونیی)کێشاویەتی، ساڵی ٣٠ك/١٠٨٤ز

خەسڵەتی پێنجەمیش کە لە هونەرە بینراوەکانی ڕۆشنبیریی ئیسلامیدا بە زەقیی دیارە– کە بریتییە لە ئەنجامدانی لە میانی کاتدا– چاوەڕوان دەکرێت لە قوڕئانی پیرۆزدا هەبێت، چونکە هەموو کارە ئەدەبییەکان بە هونەری کاتیی لە قەڵەم دەدرێن، بەڵام لێرەدا، وەکو سەرپاکی هونەرە ئیسلامییەکان، کردارێکی زنجیرەیی تێگەیشتن و چێژ لێ وەرگرتن هەیە، کە ناگاتە لووتکەیەکی تایبەتی و کۆتاییەك کە بە دوایدا دێت، چونکە هەستکردن بە بوونی یەکەیەکی تەواو بە شێوازی باو زۆر نییە و، خوێنەر یان بیسەر تا یەك لە دوای یەك لەگەڵ بەشە تاکەکان کارلێك نەکات، ناتوانێ لە هەمووی بگات. بەنێو یەکداچوونیش، کە خەسڵەتی شەشەمی هونەری گەلانی مسوڵمانە، نموونەی لە قوڕئانی پیرۆزدا هەیە. دژ یەك و بەرانبەریی و چڕکردنەوە و خواستن و لێچواندن و هێما کاریی، بەشێکن لەو شێوازە شیعرییە زۆرانەی، دەوڵەمەندیی دەربڕین و فرەوانیی درێژە پێدان لە قوڕئانی پیرۆزدا پێکدێنن، هەرکەسێکیش چەند بڕگەیەکی ئەم کتێبە بخوێنێتەوە، یان گوێی لێ بگرێ، بەربلاویی ئەم ڕەگەزانە وای لێدەکات لەو هەموو جوانیی و ڕەوانبێژییەی تێیدایە سەر سام بێت!



وێنەی ٨–١١ ئافرەتێکی مسوڵمان قوڕئان پیرۆزی لە سەر سەر داناوە، جۆلۆ، هەرێمی سۆلۆ، فیلیپین (بە مۆڵەتی ئا.ی.وچپ).



وێنەی زەویی وەکو ئیبراهیمی کوڕی مەجدی ئیستەخڕیی کێشاویەتی، (سەدەی ٤ك/١٠ز).

ئاستی سێیەم
قۆرئان وەك نموونەیەك بۆ وێنەكێشانی وردی هونەریی

وە نەبێ قورئانی پیرۆز تەنها ڕێبازێكی فكریی بە شارستانیەتیی ئیسلامیی بەخشیبێت، كە هونەرەكانی ئەو شارستانیەتییە لەسەری دەڕۆن، یان تەنها یەكەم نموونەی هەرەگرنگی لە نێوەڕۆك و ڕوخساری هونەردا هێنابێتە كایە، بەڵكو گرنگترین بابەتی بۆ وێنەكێشانی مونەمنەمەكان لە هونەری ئیسلامیدا داهێناوە.

بێ گومان ئەو كلتوورە دوورودرێژەی بایەخدان بە ئەدەب و داهێنان لەلای ساماییەكان لە سەدەی حەوتەمدا لەپێش مسوڵمانانداو، كارێكی چاكە. گەلانی سامیی بەهۆی بایەخدانیان بە داهێنانی ئەدەبی و هەڵكەوتنیان لەم بواردەدا، هەر لە زووەوە پەرەیان بە هونەری نووسین داوەو، نووسین هەزاران ساڵ لە شارستانیەتییەكانی وڵاتی نێوان دوو ڕووبار لە پێش ئیسلامدا، وەك ڕەگەزێكی تەواوكەری هونەرە بینراوەكان، بەكارهاتوە.

چەندان کۆمەڵە نووسین پێکەوە لەسەر گەلێك بەردی تاشراو و پەیکەری هونەریی سۆمەریی و بابلیی و ئاشووریی، دۆزراونەتەوە، ئەوە ئەگەر بە ناوهێنانی کەمێك لەو گەلانە[1] واز بێنین.

بەڵام ئەم زیادکردنانەی هێڵە هونەرییەکان لەپێش ئیسلامدا، بە پلەی یەکەم ئەرکێکی شیکارییان هەبوو، چونکە نووسین بە شێوەیەکی مەنتیقی لەگەڵ شیکاری مانای وێنە و پەیکەرە بینراوەکان دەڕۆیشت. بەکارهێنانی نووسین لە کارە هونەرییەکاندا، بەم جۆرە بە درێژایی مێژووی هونەری بێزەنتی، بەردەوام بوو. بەڵام لە دوای سەرهەڵدانی ئیسلام، گۆڕانێکی قوول بەسەر هونەرەکانی نووسین و خەتخۆشیی و ئەوانی دیکەدا هات، کە لە چەند هێمایەکی ڕووتەوە گۆڕان بۆ چەند مونەمەیەکی جوانکاریی ڕووت.

ئەم گۆڕانەش بە ڕێکەوت ڕووینەدا، بەڵکو ڕەهەندێکی دیکەی "کاریگەریی قورئانی" بنەڕەتی بوو لەسەر هەست و خەسڵەتی جوانیخوازیی لای مسوڵمانان. ئامانجی هونەریش لای مسوڵمان، ڕێنومایی مرۆڤە وەك جێنشینی خوای تاك و تەنیای باڵا لەسەر زەوی و،

---

[1]. بڕوانە: Giovanni Garbini, The Ancient World (New York: Mc Graw-Hill. 1966):

- Andre Parrot, The Arts of Assyria, tr. Stuart Gilbert and James Emmons (New York: Golden Press, 1961):
- The Great King: King of Assyria (New York Metropolitan Museum of Art, 1945).

تصویر: Charles Wheeler


ئاڕاستەکردنی بەرەو بیر لێ کردنەوەی و یادکردنی ئەو زاتە پاك و بەرزە.

بۆ ئەم مەبەستەش شتی باشتر لە ئایەتەکانی قورئان و ئەو شاعیرییەی دەیخاتە هەست و بیری مرۆڤەوە،دەست ناکەوێ. هەرچەندە خوا لە سەرووی سروشت و وێنەوەیە، بەڵام ئەو وشە پیرۆزانەی بۆ محمد پێغەمبەری (د.خ) ناردوونەتە خواری، بەبێ بەزاندنی سنووری شکۆی خوایەتی، یادی ئەو زاتە بەرزە بۆ بینەرو گوێگر دەگوێزنەوە.

لە پێناوی ئەوەدا وشەکانی خوا دەبنە باشترین بابەت بۆ مونەمنەمەکانی هونەری ئیسلامیی. لە سەدەی حەوتی زاینییەوە ئەو حەزە بەڕوونیی دەرکەوتوە، وەکو لە نەخش و نیگاری سەر (قبە الصخرە) ی قودس دەیبینین.

ئەو بینایە، کە چەندەها نەخش و نیگاری تێدایە، کە بە ئایەتەکانی قورئان نێو ئاخن کراون، لەسەردەمی خەلیفەی ئەمەویی، عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوان، لە ساڵی (٧١ك–٦٩١ز) دروست کراوە.

لە ڕێگەی بەردەوام بەکارهێنانی عیبارەت و ئایەتەکانی قورئان و، زۆر نووسینیان، کارە هونەرییەکان لای میللەتانی مسوڵمان بەردەوام یەکتاپەرستییان وەبیر خەڵك هێناوەتەوە.



(قبة الصخرة) له قودسی پیرۆز، سالّی ٦٩١ز دروستکراوە.
(بەمۆلّەتی وەزارەتی گەشتیاریی و شوێنەوارە ئیسلامیەکانی ئەردەن)

هەلّبەت تێگەیشتنی ئەو بابەتانەی قورئانی پیرۆز، کە کاریگەر و گونجاو و بەرچاون، وەکو نەخش و نیگار و ئەو هونەرانەی لەگەلّیاندان، کاریگەرییەکی زۆری خستە سەر ڕۆشنبیریی و هونەرە ئیسلامییەکان– ئەم کاریگەرییانەش ئەو پێشکەوتنە خێراو سەیرەی خەتی عەرەبی و بردنی بەرەو کۆمەلّە شێوەیەکی بەردەست و، بلّاو بوونەوەی فرەوانی شێوازگەلی تایبەتی و جیاو، بەربلّاویی بەکارهێنانی ڕەگەزەکانی خەت لەکارە هونەرییەکاندا، دەگرێتەوە.

بەکارهێنانی ئایەتەکانی قورئان لە نەخش و نیگاردا، زۆر بە ڕیك و پێکی و شکۆو جوانیی ئەنجام دەدرا، هەر لە ئەنجامی ئەمەشدا بوو، کە هونەری خەت خۆشیی لە نێو مسولّمانانی پێشوودا، بە داهێنانەوە زۆر بە

خێرایی بڵاو بۆوە. هیچ کام لەو خەتانەش کە لە پێش ئیسلامدا هەبوون، یان لە دوای ئیسلام پەیدا بوون، وەکو خەتی ئیسلامیی، بەردەست و گونجاو و زۆر بەکارهاتوو و بۆ خوێندنەوە ڕوون و ئاشکرا نەبوون.

درێژ کردنەوە و کورتکردنەوە لە درێژیی و پانیدا، لە کاتی نووسینی پیتەکاندا، بە چەند قاڵبێکی جیاواز لە شێوە و قەبارەدا ئەنجام دەدرا. زۆر شێوازی خەت بە جیا بەکار دەهات، یان دەخرایە پاڵ چەند بابەتێکی هونەریی کە هیچ پێوەندییەکی بە خەتەوە نەبوو. هەروەها گەلانی مسوڵمان چەندان شێوە خەتی وایان داهێنان کە چەندی بە بیریاندا دەهات گۆشە و سووڕانیان تێدا بوون. لە ڕاستیشدا بەشێك لە گرنگترین هەوڵە جوانیخوازییە هاوچەرخەکان لە جیهانی ئیسلامدا، لە دەوری ئەم بابەتە هونەرییەی کە لە نێو میللەتانی مسوڵماندا زۆر بڵاوە، دەخولێنەوە.


لەبەر ئەوەش کە هەر شتێك مسوڵمان دەیکات، یان بیری لێ دەکاتەوە، نیازێك یان پێوەندییەکی ئایینی دەگرێتەخۆی، ئەوە بەکارهێنانی وشەکانی خوا لە هەموو سیستەمێکی زەخرەفەیی گونجاوداو، لە هەموو بوارێکی بیستن یان دیتندا، ئامانجێکی دڵخوازە.[1]

---

[1]. بڕوانە: Rene A. Bravmann. African Islam (Washington, D.C. Smithsonian Institution Press, 1983) Ch1;
- Clifford Geertz, "Art as Cultural System, "modern Lan-guage Notes, 91 (1976) pp. 1489-1490.



زەریای هیند وەکو ئەحمەدی کوڕی ماجید کێشاویەتی (سەدەی ١٠ك/١٧ز)



چنینێك به ئایەتگەلی قورئـان لـه مالیزیـا (ئایەتەلکورسی، سووڕەتی بەقەڕە:٢٥٥) به خەتی کـووفی هاوچـەرخ (وێنـەگرتنی لەمیا فاڕووقی)

بەکارهێنانی ئایەتەکانی قورئانیش لە زەخرەفەی ئەو بابەتانەدا کـە تـەنها بایـەخی ئایینییـان هەیـە، کـورت هەڵنایـەت، بـەڵکو ئایەتـەکانی قورئـان لـە ڕازاندنـەوەی تـەون و پۆشـاك و هـەوڕ و دەفـری خـواردن و خواردنەوە و سندووق و شمـەکی نێومـاڵ و دەرودیـوار و خانووبـەرەو، تەنانـەت مەنجـەڵی سـادەی شـێو لێنـانیش، لـە تێکـڕأی سـەردەمی ئیسلامیی و، لە سەرانسەری جیهانی ئیسلامیدا بەکار دەهێنرێن.

ئایەتەکانی قورئان لە ئەدەب و هونەرەکانی دەنگیشدا، لەوە کـەمتر باو و بەرچاو نین، چونکە بەهۆی بەکارهێنانی هونەری خۆشنووسیی لە نەخش و نیگاری ئایەتەکانی قورئاندا، هونەری ئیسلامیی کەوتۆتـە ژێـر

کاریگـەریی گـەورەی قورئـانی پـیرۆز، ئـەوە سـەربارى ئاڕاسـتە جوانیخوازییـەکانی قورئـان، تەنانـەت کاتێـک نووسـین، ئاماژەشـی بـۆ ئایەتەکانی قورئان نەکردبێـت، بۆ نموونە: عیباڕەتی ئایینی یان پەنـدی پێشینان، یـان نـاوە پیرۆزەکـانی خـوا(أسمـاء الله الحسنى) یـان نـاوی پێغەمبەر (د.خ)، یان ناوی پیاو چاکان بووبێت، یان ئاماژە بووبێـت بـۆ دریژەی بیناسازیی، یـان نـاوی خێرخوازێـک، یـان هونەرمەنـدێک، ئـەوە هەمیشە پێ لەسەر دەرخستنی وێنەکانی خـەتی عـەرەبی داگـیراوە بـە چەند شێوازێک کە خەیاڵ و جوانییەکی زۆری تێدا بووە. لە (ڕیبات)ەوە تا (مەنداناو)و لە (کانۆ) ڕا هەتا (سەمەرقەند)، ئایەتـەکانی قورئـان بـە خەتی عەرەبی، گەورەترین بابەتی هونەرییان پێکدەهێنا و، لـە هـەموو دنیادا هیچ کلتوورێکی جوانیخوازیی و، هونەری خۆشنووسیی و کتێبێک، ئەو ڕۆڵە گەورەی لە هونەردا نەدیوە.

لەم دواییانەدا چـەند توێـژەرێک دەربـارەی سروشـتی هێماکـاریی لـە هونـەری ئیـسلامیدا[1] شـتیان نووسـیوە، هەنـدێک لـەو توێژەرەوانـە

---

[1]. بڕوانە:

- Martin Lings, The Quranic Art of Calligraphy and Illumination (London: World of Islam Festival Trust, 1976);
- Titus Bukhardi, The Art of Islam (London: World of Islam Festival Trust, 1976);
- Nader Ardalan And L. Bachtiar, The Sense of Unity (Chicago: University of Chicago press, 1973):
- Anthony Welch, Calligraphy in the Arts of the Muslim World (Austin: University of Texas press, 1979):

مسولّمان نەبوون و، هەندێکیشیان مسولّمان بـوون. بـەلّام لـە هـەردووك بـاردا، زۆربـەی ئـەو تـوێژەرەوانـە یـان لـە ژینگەیـەکی ڕۆژئـاوا لـەدایك بووبوون، یان لەوێ خوێندبوویان، ئـەوان کـە نێـوەڕۆکێکی هێمـایی لـە هونەرە ئیسلامییەکاندا دەبینن، ئەوە تەنها لەو هزرە ناسراوەدا کـورت هەڵنایەت کە دەڵێ: هونەرەکان ڕێبازی دەربڕینی بیری ڕەهان بە شیعر، یان ڕەنگ، یان خەت، یان شێوە، یان دەنگ و شتی لـەو بابەتـەو، بـەو واتایە، هونەر بە شێوەیەکی ئاسـایی هـەمووی دەبێـتە هێمـایی. بـەلّام ئەو نووسەرانە، ئەو خەسڵەتانەی لە هونەری ئیسلامیدا دەیاندۆزنـەوە، زۆر لەو شتانە زیاترن کە نێوەڕۆکە هێماییەکان وەخۆیان دەگرن.

ئەوان پێیان وایە بیچم و شـێوە و شـت و دیمەنـەکان و، تەنانـەت پیـت و ڕێنووسە بەکارهاتوەکانی نێو هونـەری ئیـسلامیش، چـەمکێکی "نـاوەکیی" یان هەیە. هـەروەکو چـۆن شـێوە بازنەییـەکانی "مانـدالا" یـان کۆڵەکـە زۆر بەرزەکان، یان وێنەکێشانی خواکان لە شێوەی مرۆڤدا، لە لای هیندۆکـەکان ماناگەلی ئایینییان هەن و، خاچ، یان دیمەنی لەخاچدان و پەیکـەری مەسـیح

- Erica Cruikshank Dodd, "The Image of The World, "Berytus 18 (1969) pp. 35-58.
- SeyyedHossein Nasr, "The Significance of the Void in the Art and Architecture of Islam"The Islamic Quarterly, 16 (1972), pp. 115-120.
- Annemarie Schimmel, "Schriftsymboilkim Islam " IN Aus der Welt der islamischenkunst: Festschrift fur Ernst kuhnel, ed.RichardEttinghausen (Berlin, 1959).pp244-254:
- Schuyler van R. Cammann, "Symbolic Meanings in Oriental Rug Patterns. "The Textile Museum Journal. 3(1972) pp. 5-54:
- Idem,"Cosmic Symbolism on Carpets from the SanguszkoGroup,"Studies in Art and Literature of the Near East in Hon- or of Richard Ettinghausen, ed. PrterJ.Chelkovski (Salt Lake City and New York, 1975), pp. 181-208.

لای مەسیحییەکان، لە هێما گرنگەکانن، ئەو نووسەرانە پێیان وایە "چەند هێمایەکی ئیسلامی"ش کە تایبەتین، بەشێوەیەکی بینراو، گەلێك مەبەست هەڵدەگرن، کە دەبێ بینەر بیانزانێ و تێیان بگات. هەرچەندە ئەو بابەتە هونەرییانە، یان ئەو هێمایانەی ئەو زانایانە لێیان دەدوێن، بە باوەڕی ئەوان تایبەتن بە ڕۆشنبیریی ئیسلامیی، "مەنتیق"ی جوانیخوازیی لەو بابەتانەدا، لەو شتانە دەچێت کە پێوەندییان بە کلتوورە هونەرییەکانی دیکەوە هەیە. ئەوەتا گومبەز وەك گومبەزی ئاسمان[1] دیتە بەر چاو و، ڕازاندنەوەی نێوەڕاستی بەرماڵ و شینیی[2] لەڕازاندنەوەی دەستنووساندا، هێمای بێ کۆتایی، واتە: خوایەو[3]، نووسینی ناوی کاربەدەست لە پەڕاوێزی نامە نووسراوەکاندا، هێمایەکە جێی دستەڵاتی سیاسیی[4] دەگرێتەوە، بەڵکو یەکە لە دیاریدانەکانی خواو[5]، تەنانەت "بۆشایی"بە"هێمای خوای باڵادەست و ئامادەبوونی لە هەموو شتەکاندا"[6] دادەنرێت.

---

[1]. بڕوانە: Burckhardt, Art of Islam, ch 4.

[2]. بڕوانە: **Cammann, "Symbolic Meanings" and Cosmic Symbolism on Carpets".**

[3]. بڕوانە: Lings, Quranic Art, pp. 76-77.

[4]. بڕوانە: Welch, Calligraphy p. 23.

[5]. بڕوانە: هەمان سەرچاوەی پێشوو.


[6]. بڕوانە: Nasr, "Significance of the Void," p. 116.



هەڵکۆڵین لەسەر دار بە خەتی سولوس، لە باشووری تایلەند، سەدەی نۆزدەهەم، عیبارەتی ڕێزلێنانی نەناسراوێك

(بە مۆڵەتی مۆزەخانەی هونەری ئاسیا، زانکۆی مالیزیا، کوالالامپوور)

هەموو ئەو هێما پیتییانە، پێچەوانەی نێوەڕۆکی هونەری ئیسلامین و، لەگەڵ سروشتە ڕەهاکەی ناگونجێن، چونکە هونەری ئیسلامیی لە ژینگەیەکی بەرزدا، کە دژی هەموو جۆرە وێنەو پەیکەر دانانێکە بۆ زاتی باڵا، لەدایك بووە و گەشەی کردوە. ئەو هونەرە لەسەر بنەمای فکری "یەکتاپەرستی"، کەناکرێ بە پێوەندیی کردەیی، یان خەیاڵیی لەنێوان سروشت و خوادا، لە ڕووی جوانیخوازییەوە دەربڕێت، بنیات نراوە، چونکە ئەو جۆرە پێوەندییە سەر دەکێشێ بۆ"هاوبەش پەرستیی"، یان دروستکردنی پێوەندیی لە نێوان خواو شتی دیکەدا، ئەم شتەش ئیسلام بە ناحەزترین شت، بەڵکو بە گەورەترین گوناحی دەزانێت.



وێنەی زەویی وەکو ئیبن یوونسی میسریی کێشاویەتی،(٣٣٩ك/٩٥١ز).

ئەم بیر و باوەڕ و گریمانانە، خەسڵەتێکی ناهێمایی نایابن لە ئایینی ئیسلام و ڕۆشنبیرییەکەیدا.

زۆر جاریش بینراوە کە دروشمەکانی ئیسلام بۆخۆشیان لە کاکڵ و نێوەڕۆکدا ئەرکین، نەك هێمایی. ئەوەتا بانگ و، تەنانەت بڵێندگۆش بۆخۆی، لە ڕەگەزەکانی بیستن یا بینینی هێمایی نین، چونکە بانگ کردارێکە مەبەستی یارمەتیدانی مسوڵمانانە بۆ کۆبوونەوە بۆ نوێژ لە چەند کاتێکی دیاریکراوی ڕۆژدا و، بڵێندگۆش ئامرازێکی تەلارسازییە بۆ ئاسانکردنی ئەو کردارە.[1]

[1]. بە پێچەوانەی نهێنییە پیرۆزییەکانی مەسیحیەت و، دروشمەکانی خوین ڕشتنی پیرۆز لای هیندۆسەکان.

میحرابیش پێویستی بەوە نییە لە لایەن نوێژکەرانەوە بەچاوێکی تایبەتی تەماشا بکرێت و، شوێنەکەی لە هیچ جێیەکی دیکەی مزگەوت[1] پیرۆز تر نییە و، مانگی یەکشەوە "هیلال"یش، کە هەمیشە نامسوڵمانان بە ئیسلامیانەوە بەستۆتەوە، لە ڕۆشنبیریی ئیسلامیدا[2]، هێمایەکی بینراوی خاوەن چەمکی ئاینی نییە.

بەڵکو دروشمێك بوو، کاتی خۆی سەربازانی عوسمانی بەخۆیانەوە هەڵدەواسی، ئەوروپییەکانیش پێیان وابوو هێمای ئایینی ئیسلامە. لەبەرئەوەی خاچیش هەر زۆر زوو بوو بە هێمای مەسیحیەت، ئیدی یەکسەر ئەوروپییەکان گەیشتنە ئەو ئەنجامگیرییە هەڵەی، کە ئیسلامیش مانگی یەکشەوەی لە بەرانبەر خاچدا کردۆتە ڕەمز.


گومانیشی تێدا نییە ئەم ڕاستییانە بۆ ئەو کەسانەی لە هونەری ئیسلامیی دەکۆڵنەوە، چ مسوڵمان بن، چ نامسوڵمان، ئاشکران، کەواتە سەیرە ئەو توێژەرەوانە لەسەر لێکدانەوەی ئەو هونەرە، بە ڕێگایەك کە پێچەوانەی ڕەگەزەکانی دیکەی ڕۆشنبیریی ئیسلامییە، سوور بن.

---

[1]. بە پێچەوانەی چەمکی کوشتارگا لە کاتدرائیەی کاسۆلیکیدا و، پەیکەری خوا لە پەرستنخانەی هیندۆکیدا.

[2]. بڕوانە:


Tomas Arnold, "Symbolism and Islam, " The Burlington Ma-gazine, 53 (July – Dec., 1928), pp. 155-156.



وێنەی زەویی وەکو سەفاقیسی کێشاویەتی (سەدەی ٤ك/ساڵی ٩١٠ز)

لەوانەشە ئەم گریمانانەی خوارێ، یارمەتیی زانینی هۆی پابەندبوونی ئەو توێژەرەوانـە، بـەو جـۆرە لێکدانەوانـە، دەربـارەی مانـای تێکڕایـی هونەری ئیسلامیی بدەن.

یەك لەو گریمانانە پێی وایە ئەو نووسەرانە ئەوەندە لە ژێـر کاریگـەریی لێکدانەوەکانی هونەری ڕۆژئاوادان، ئەگەر مەحاڵیش نەبێت، زەحمەتە لەو لایەنگیرییە شارستانییانەی لەمەڕ ڕەفتارکردن لەگـەڵ هونـەری ئیـسلامیی هەیانن، دەربازبن. جێی داخیشە، وا دیـارە ئـەو بناغانـەی لێکدانـەوەکانی هونـەری مەسـیحیی ئـەوروپی لەسـەریان بەنـدن، بـۆ نێـو بـواری هونـەری ئیسلامیی گوێزراونەتەوە، کە ئەمەش بە هیچ جۆرێك ناگونجێت.



گومانیشی تێدا نییە، کە ئەو کارە لە کاتی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی بەراوردکاریی و، بەنێو یەکداچوونی ڕۆشنبیریی بەشێوەیەکی گشتیی و، هونەری ئیسلامی بەشێوەیەکی تایبەتی وریایی و پارێزی زۆر و، زانیاریی قوولّ و، دوورکەوتنەوە لە سۆزداریی دەوێت.

هۆکاری دووەمیش بۆ ئەو لێکدانەوە هێمایییانەی لەم دواییانەدا دەربارەی هونەری ئیسلامیی بلّاوبوونەوە، ئەوەیە کە بواری جوانیخوازییەکان و مێژووی هونەر، چەند توێژەرەوەیەکی ڕۆژئاوایی، یان لە ڕۆژئاوا خوێندوو، دەستیان بەسەردا گرتووە و، ئەم بوارە لە جیهانی ئیسلامدا هەندێك کەمتەرخەمیی پێوە دیارە، بە جۆرێك گەلێك لە خاوەن بەهرەکانی نێوخۆ ئاوڕیان لێ نەداوەتەوە، کە بۆتە هۆی ئەوەی ئەو کەسانەی لەڕووی ڕۆشنبیریی و ئایینییەوە لە دەرەوەی ئیسلامن، دەستی بەسەردا بگرن —سەرباری ئەوەش دەبینین کۆلیج و زانکۆکانیش لە

جیهانی ئیسلامدا، هێندە گوێیان نەداوەتە تۆژینەوەی جوانیخوازیی و مێژووی هونەر، کە وای لەو مسوڵمانانە کردوە کە بایەخ بەو جۆرە تۆژینەوانە دەدەن، نزیکەی بە بێ هەڵاواردن، ڕوو لە پەیمانگاکانی ڕۆژئاوا بکەن بۆ خوێندن لەژێر ڕێ و شوێنی مامۆستایانی ڕۆژ ئاواو کاریگەریی بنەڕەتە هونەرییەکانی ڕۆژ ئاوا. بۆیە لە ئەنجامدا تۆژەرە مسوڵمانەکان، چ ئەوانەی بە مسوڵمانی لەدایك بوون، چ ئەوانەی پاشان بوونەتە مسوڵمان، بەزۆریی بەقەدەر هاوتا نامسوڵمانەکانیان کەوتنە ژێر کاریگەریی لێکدانەوە خراپەکانی کە بێگانەکان لەسەر هونەری ئیسلامیی کردوویانن.


هۆی سێیەمیش بۆ ئەوەی کە لەم دواییانەدا نێوەڕۆکێکی هێمایی حەرفی زەق، درایە پاڵ هونەری ئیسلامیی، کە پێچەوانەی سروشتی خۆیەتی، کە خەسڵەتی ڕەهاییە، کاریگەریی سۆفیگەرییە لە ئیسلامدا، چونکە سۆفیگەریی سەرباری پێ داگرتنی لەسەر ئەزموونی کەسیی ناوەکیی لە ئایینداً، بنەڕەت و بیرو باوەڕێکە جەخت لەسەر خەسڵەتە نادیار و شاراوەو سیحراوییەکان لە ئایینداً دەکات. جا ئەوە هەم دەربارەی بیری سۆفیگەریی لە ئیسلامدا ڕاستە، هەم دەربارەی مەسیحیەت و هیندۆکیی و یانیەی هیندی و جوولەکە و ئایینە بۆماوەییەکانی دیکەش. سۆفیەکان چەند مانایەکی شاراوەیان دەدایە پیت و وشە و عیبارەتەکان و، هەموو جۆرە شێوەو بابەتە بینراوەکان.

جا لەبەر ئەوەی بە جۆرەها ڕێگە هەوڵیان دەدا بگەنە پلەی "نەمان– الفناء"، ئەوەندە گوێیان نەدەدایە لێك جیاکردنەوەی

ئاشـــکرای هـــەردووك بـــواری بـــاڵایی و سروشـــتی، کـــە خەســـڵەتی جیاکەرەوەی ئیسلامی ڕاستەقینەو بنەڕەتی "یەکتاپەرستیی"یە.

ناکرێ نکوولّیی لە بوونی ئـەم جـۆرە بیرانـە لـە مێـژووی ئیـسلامدا، یـان بڵاوبوونەوەی هەندێك کردارو لێکدانەوەی شاراوە بکرێت، کـە لـەو بیرانـەوە سەریان هەڵداوە بـەڵام ئـەم ڕاستییانە، نـابێ لـە لێکدانـەوەی تێکـڕای ئـەو دیاردەی بە هونەری ئیسلامیی ناسراوە، زیاتر لەوەی هەڵدەگرن، بایـەخیان پێ بدرێ. هەرچەندە سۆفییەکان دەیانەوێ بڵێن دامەزرێنـەری سـۆفیگەریی پێغەمبـــەر " درووەی خـــوای لەســـەر " خۆیـــەتی، بـــەڵام بزووتنـــەوەی سۆفیگەریی دوای چەندان سەدە لە کۆچی دوایی پێغەمبەر "درووەی خـوای لەسەر"، ئەوجار هێندە بوو بـە جێـی بایـەخ و، پـەرەگرتنی بەربڵاویـشی لـە چەند ماوەیـەکی مێـژووی ئیـسلامدا، نـاکرێ بکرێتـە بیـانووی گەشـەکردنی سەرپاکی هونەری ئیسلامیی. هەڵبەت هونەرێکی ئیسلامی سەربەخۆ، هەر لە سـەدەی یەکـەمی کۆچـییەوە سـەری هەڵـدابوو، دیـارە لـەو سەردەمەشـدا سۆفیگەریی ئەوەندە بڵاو نەبوو بـۆوە.. (قبـە الـصخرە) کـە عەبدولمـەلیکی کـوڕی مـەڕوان لـە قـودس دروسـتی کـرد "٧١ك/ ٦٩١ز" هـەموو پێکهێنـەرو خەسڵەتەکانی هونەری ئیسلامیی– واتە: هونەری قورئانیی– تێدان، ئەوەش زۆر پێش بڵاو بوونەوەی سۆفیگەرییە، کە دەستی بە زیـادکردنی لێکدانـەوە هێماییە حەرفییەکان بۆ هونەری ئیسلامی کرد.

هەڵبەت (قبە الصخرە)ش، بەرهەمی بیرێکی ئیسلامی سۆفیانە نییە، لەبەر ئەوە دەبێ لێکدانەوەیەکی جوانیخوازیی دەربارە بکرێت، کـە بـە شێوەیەکی گشتیی لە گەڵ ئیسلام بگونجێت.



نەخشێك بە خەتی هەڵكەنراو (سووپەتی بەقەپە: ٢٨٥) لەسەر گومبەزی گۆڕی سوڵتان قایتبای، قاهیرە، ١٤٧٢–١٤٧٤ز (وێنەگرتنی: م. ئەشرەف).

بێگومان زێدەڕۆییە ئاییننی و کۆمەڵایەتییەکانی هەندێك لە تاقمە سۆفییەکان، ناوبانگێکی خراپی لە زۆر وڵاتی مسوڵمان نشیندا داوەتە سۆفیگەریی[1] ... ئەو حەزانەی لەسەر خودی تاك کۆ دەبنەوەو ڕوویان لە دەروونە، مسوڵمانە نوێگەرەکان بە یەکەم هۆی ئەو مل کەچیی و زەلیلییەی دەزانن گەلانی مسوڵمان لەسەر دەستیی هێزە ناوخۆیی و دەرەکییەکان تووشی بوون.

---


[1]. سۆفیگەریی ئەگەر بە ڕێك و پێکی و دوور لە زێدەڕۆیی بەکار بێت، لایەنی ڕووحیی ئیسلامە و، ئامڕأزی پاککردنەوەی دڵ و دەروونەو، خواناسە مەزنەکانی وەك "شێخی گەیلانیی" و "ئیمامی غەزالی"و "مەولانا خالیدی نەقشبەندیی" و ... هتد ڕۆڵێکی بەرچاویان لە هۆشیار کردنەوەو بەرچاو ڕوونکردنەوەی مسوڵمانانداا دیوە. "وەرگێڕ"

دەشگوترێت پێ داگرتنی لە ڕادە بەدەر لەسەر تەقوای کەسیی، لەسەر حیسابی جەخت کردنی ئاسایی ئیسلامە، لەسەر وەدەست هێنان و گەشەکردن و پێشکەوتنی تاك و کۆمەڵ پێکەوە. هەروەها ئەو لادانە لە پێوەربەندیی(المعیاریة)، هەوڵی بەدیهێنانی هاوسەنگی لە نێوان"دین" و "دنیا" ی لاوازکردوەو، کردوویەتە بایەخدانێکی لە ڕادەبەدەر بە قیامەت ... لەبەر ئەوە بزووتنەوە ئیسلامییە تازەکانی چاکسازیی و نوێگەریی بەشێوەیەکی گشتیی، لەگەڵ سۆفیگەریی ناکۆکن، هەروەها سەرۆکایەتیی هاوچەرخی ئیسلامیی نەتەوەی مسوڵمان، بە گشتیی لە سۆفیگەریی دووەو، زۆرجار پێچەوانەشیەتی.

هەرچەندە زۆربەی ئەو مسوڵمانانەی لە جیهانی ئیسلامدا دەژین، سەر بە کۆمەڵەکانی سۆفیگەریی نین و، زۆریان بە چاوی گومان لەو ڕێکخراوانە و چالاکییەکانیان دەڕوانن، لەگەڵ ئەوەشدا هەڵەیە بڵێین: بزووتنەوەی سۆفیگەریی لە ئیسلامدا نییە، بەڵام پاش ئەو لێك هەڵوەشانەی دوای داگیرکاریی مەغۆل و شەڕەکانی خاچپەرستان و شوێنەوارەکەیان لەمیانی پووکانەوەی دەستەڵات و زیادبوونی پەرتەوازەیی سیاسیی، دەستەڵاتی سۆفیگەریی لەسەر خەڵك وەك جاران نەما — لەڕاستیشدا سۆفیگەریی بە پلەی یەکەم لە ئەوروپاو ئەمەریکا گەشە دەکات، جا چ بە کردەوە لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا، یان بە بایەخ پێدانی زانستیی و توێژینەوە و بڵاوکراوە. لەو وڵاتانەدا، سۆفییە مسوڵمانەکان گوێیان لێ دەگیرێت و خاوەنی پلە و پایە و ڕێزن ... ڕۆژ ئاواییەکان لەوێ — کە وازیان لە ڕێ و ڕەسمە ئایینییەکانی پێشوویان هێناوەو، بە بێ هیچ لەنگەڕێکی دینیی

دەسووڕێنەوە– ئێستا لە ئەنجامدانی سۆفیگەریی ئیسلامیدا، بایەخ بە نامۆکاریی و شتی سەیر دەدەن و، پشتگیریی لەو گیانە ناوەکییەی لە سۆفیگەریدایە، دەکەن. ئەو پاشماوە ڕووحانیەتەی لە مەسیحیەت و ئایینی جوولەکەدا ماوە، بە زۆریی ئەوەیە کە بابای ڕۆژ ئاوایی، بە ڕەگەزەکانی سۆفیگەریی ئیسلامیی دەگەیەنێت. لە ڕاستیشدا ژمارەیەکی زۆر لە ئەنگلۆ سەکسۆنییەکان، لەم سالانەی دواییدا، لە ژێر کاریگەریی بزووتنەوە سۆفیگەریەکاندا مسوڵمان بوون. زۆربەی ئەو تۆڕینەوانەش، کە لە لێکدانەوە هێماییەکانی هونەری ئیسلامیی دەکۆڵنەوە، لە لایەن ئەو تاقمانەوە کە بوونەتە مسوڵمان، نووسراون، کە یان لە چینی بالای ڕۆشنبیرە سپی پێستەکانی ڕۆژ ئاوان، یان لە هاوتا ڕۆژ ئاواییە نا مسوڵمانەکانیانن.

بێگومان لێکدانەوە هێماییە حەرفیەکانی سۆفیگەریی لە نووسینە تازەکاندا، پێچەوانەی ئەو ڕەهاییەیە کە لە لای گەلانی مسوڵمان و لە بەرهەمە هونەرییەکانیاندا، لە هۆشیاریی جوانیخوازیدا ڕۆچووە... هەروەها لەگەڵ دژایەتی ئیسلام لە بەرانبەر هەر جۆرە کردەوەیەکی هونەریی لە مەڕ زاتی خواو کاروباری پەروەردگاری بالادەست، نایەتەوە. ڕەنگە ئەو جۆرە لێکۆڵینەوانە، بە دڵی تۆڕەری لە ڕۆژ ئاوا خۆیندوو، یان سۆفی بن، بەڵام بە شێوەیەکی سەرلەبەر و گونجاو، بۆ لێکدانەوەی هونەرە ئیسلامییەکان ناشێن.



وێنەی: ٨–١٦ ، بڕگەیەک لە دەربارەی شووشەبەند کە لەسەر ئیفریز بە خەت نەخشاوەو، گۆڕەکانی سەعدییەکان دەڕازێنێتەوە، مەراکیش، مەغریب ١٥٧٨–١٦٠٣ز

(وێنەگرتنی لەمیا فاڕووقیی)

هەڵبەت بیردۆزەی قبووڵکراو و بەجێ لە هونەری ئیسلامیدا، ئەو بیردۆزەیە کە گریمانەکانی دەباتەوە سەر ئەو ڕەگەزانەی لە ئایین و ڕۆشنبیرییەوە هەڵقوڵیون، نەک لەو دەستکەوتانەی لە کلتووریکی بێگانەوە بەسەریدا سەپێنراون... ئەو بیردۆزەش پشت بە گرنگترین ڕەگەزەکانی ئەو ڕۆشنبیرییە دەبەستێ، نەک چەند ڕەگەزێکی لاواز، یان لاوەکیی، کە کاری تێ بکەن.

بێگومان لە بەرانبەر ئەو داخوازیانەشدا، قوڕئانی پیرۆز داهێنانی جوانیخوازیی، بەسەرچاوەیەکی حازرو مەنتیقی ئیلهام، پشت ئەستوور

دەکـات. قورئـانیش بەقـەدەر کاریگـەریی لەسـەر لایەنـەکانی دیکـەی ژۆشنبیریی ئیسلامیی، کاریگەریی لەسەر هونەر هەبووە.

بێگومـان قورئـانی پـیرۆز، ئـەو پەیامـەی دەبـێ بەشـێوەیەکی ئیستاتیکیی دەر ببڕێت، خستۆتە ڕوو، هەروەها ڕێبـازی دەربڕینیـشی خـستۆتە ڕوو، هـەروەکو لـە شـەش خەسـڵەتەکەدا، لـە ڕوخـسارو نێوەڕۆکیـدا دەردەکەوێـت. تەنانـەت قورئـانی پـیرۆز تـەعبیرە تایبەتییەکانی و بەشەکانی خۆی، وەك گـرنگترین بابـەتی وێنەکێـشانی وردی هونـەریی پێـشکەش کـردوون، لەبـەر ئـەوە بەڕاسـتی لـە جێـی خۆیدایـە، هونـەرە ئیـسلامییەکان پێیـان بگـوترێ: "هونـەرە قورئانییەکان"



سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی

سەنتەرێکی کوردستانی ناحکومی ناسیاسییە، گرنگیی دەدات بە توێژینەوە و تاوتوێکردنی پرسە هزرییە بنەڕەتییەکان بۆ دووبارە هێنانەگۆی دەق و تێکستە پیرۆزەکان و چۆنیەتی دابەزاندنی چەمکە مەعریفی و بەبایەخەکانی ئیسلام لە بواری جیاوازەکانی سەردەمدا،

ئامانجەکانی سەنتەر:

- بوژاندنەوەی بیرو هزر و بەکارخستنی مەعریفەی ئیسلامی لە ناوەندە زانکۆیی و پەروەردەییەکاندا، بە پشتبەستن بە بەهرە و توانا خوداییەکانی ئەکادیمیانی کوردستان و جیهانی ئیسلامی و ئەزموونی بیرمەندانی مسوڵمان.
- پەرەپێدان و پەسەندکردنی ڕوانگەی زانستی مەنهەجی لە چارەسەرکردنی کێشە و گرفتە هزرییەکاندا و بێلایەنبوون لە پرسە خیلافییەکاندا و خۆبەدوورگرتن لە بڕیاری پێشوەخت و شێوازی سۆزدارانە و هەوڵدان بۆ بابەتیبوون.
- کاراکردنی کەلەپووری دەوڵەمەندی ئیسلامی و سوودوەرگرتن لە سەرچاوە گرنگەکانی بیری ئیسلامی لە کۆن و نوێدا و سەرلەنوێ هێنانەگۆی چەمکە فیکرییە دوێنراوەکان لە مێژووی ئیسلامیدا، بە ڕەچاوکردنی گۆڕانەکانی سەردەم.
- پەرەپێدانی چەمکی ئیعتیدال لە کایە فیکری و مەعریفییە جیاوازەکاندا و خۆبەدوورگرتن لە تێپەڕاندن و بەزایەدان.
- سەنتەر کاردەکات بۆ سەرلەنوێ و بەردەوام خوێندنەوەی هەردوو پەڕاوی قورئان و بوونەوەر بەپێی مەنهەج و میتۆدی زانستی و بەبێ چاولێکەری، بەڵکو بە نەفەسێکی تازە و بە سوودوەرگرتن لە عەقڵی ڕاشکاو و نەقڵی سەلمێنراو.

ئەم کتێبە:

بێگومان هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ هەر لایەنێک لە لایەنەکانی شارستانەتیی ئیسلامیی، دڵنیامان دەکات کە قەرئانی پیرۆز هۆی هەرە گەورەی پەیدابون و بناغەی سەرەکیی داهێنانەکانییەتی، کۆتا ڕۆشنبیریی، لە ڕاستیدا ڕۆشنبیرییەکی قورئانییە، چونکە چەمکەکانی، پێکهاتەکانی، ئامانجەکانی، شێوازەکانی هێنانە بەرهەمی ... بە بێ یارمەتی وەرگرتن لە سروشی نێرراوی خوا بۆ سەر محمد پێغەمبەر «دروودی خوای لەسەر» نابن، چونکە بەبێ ئەو سروشە، نە ئایینی ئیسلام، نە فەلسەفەی ئیسلامیی، نە شەریعەتی ئیسلام، نە کۆمەڵی مسوڵمان، نە دەزگای ئیسلامیی، پەیدا نەدەبوون.

جا هەروەکو چۆن ئەم لایەنانەی ڕۆشنبیریی ئیسلامیی، لە ڕووی بنەماو پاڵنەر و ئامانجیانەوە، بە ڕۆشنبیریی قورئانیی لە قەڵەم دەدرێن، هەر بەو جۆرە پێویستە هونەرەکانی شارستانیەتیی ئیسلامیش، لە بنچینەو دەرکەوتنیاندا، بە دەربڕینی ئیستاتیکیی لەو شێوەیە تەماشا بکرێن.

بەڵێ، هونەرە ئیسلامییەکان، لە ڕاستیدا هونەری قورئانین ... بەڵام: چۆن دەکرێ هونەرە ئیسلامییەکانی لە بابەتی ڕەنگ و خەت و جوولە و شێوە و دەنگ، بە دەربڕینی قورئانی لە قەڵەم بدرێن؟